# بەشە میراتی ئافرەت لەئیسلامدا

## مامۆستا تەحسین حەمەغەریب:

## "دەکرێت کچ نەک هاوشێوەی کوڕ میرات بەرێت، بەڵکو زیاتریش بەرێت"



**ئایندە: دیمانەی گوڵان حەمە ئەمین............**

میرات ئەو بابەتە گرنگو ئاڵۆزەیە کە تائێستا زۆربەی زۆری کۆمەڵگە ڕۆشنبیری دەربارەی نیەو ڕەچاوی مافی بەرامبەر بەگشتی و ژنان بەتایبەتی تیادا ناکرێتو پشتگوێ دەخرێت. بۆ زانینی فەلسەفەی میراتو بەشە میراتی ئافرەت لەئیسلامدا، بەڕێز مامۆستا (تەحسین حمە غەریب) پسپۆڕ لەبواری شەریعەتو شارەزا لەمیراتدا بۆ ئایندە دوا.

(میرات) بەوجۆرە نیە کە لەڕووکەشدا وادەردەکەوێتو خەڵکی لێی تێگەیشتوون، کە بەهیچ شێوەیەک ئیجتیهادی تێداناکرێتو گۆڕانی بەسەردا نایەت، بەڵکو میرات سیستمێکی کۆمەڵایەتیەو هیچ سیستەمێکی کۆمەڵایەتیش ناتوانرێتو ناکرێت سیستەمێکی ئاسنینو کۆنکرێتی بێت، ئەمەش یەکێکە لەڕێساکانی فەلسەفەی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، لەگەڵ واقعی ژیانیشدا نەگونجاوە، چونکە هەر سەردەمەو هەر کۆمەڵگەو تەنانەت هەر خێزانێک تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەر سیستەمێکیش بیەوێت لەگەڵ ئەو تایبەتمەندیانەدا هەڵبکات دەبێت هەندێ بواری گۆڕانکاریکردنی تێدابێتو ئەمەش مانای حیکمەتە، شەریعەتی ئیسلامیش شەریعەتێکی حەکیمە!

بەڵام فەلسەفەی میرات، بریتیە لەبەرگریکردن لەمافی ژنو منداڵ، چونکە پیاوان بەشی خۆیان دەبەن، بەڵام ژنو منداڵان بێبەش دەکرێن، هەربۆیە هۆکاری دابەزینی هەموو ئایەتەکانی میرات شەکوای ژنان بووە بۆ سەندنی مافی خۆیان، یاخود منداڵەکانیان هەر بۆیەش زۆربەی ئایەتەکانی میرات لەسورەتی (النساء) سورەتی ژناندایە! قورئان ڕێکخستنێکی ئەخلاقی بۆ میرات کردووە بۆ سەندنەوەی مافی ئەوانەی کە مافیان دەخورێت، هەربۆیەش بەشی ژنو منداڵ قەتعیو براوەن، بەپێچەوانەی بەشی پیاوان کە دەگۆڕێت، هەرکاتێکیش میرات ستەمکردنی لەژنو منداڵ لێکەوتەوە ئەوە پێچەوانەی ئەو فەلسەفەیە.

**+ئاماژەت بەبوونی ئیجتهاد کرد لەمیرات دابەشکردندا، بەڵام ئایەتی (للذکر مثل حظ الانثیین...) دەقێکی قەتعیە چۆن ئیجتهادی تێدادەکرێت ؟**

–مرۆڤ لەمامەڵەکردنیدا لەگەڵ قورئاندا بۆیدەردەکەوێت کەبەشی ژنو منداڵ دیاریکراوەو جێگیرکراوە، هەربۆیەش زۆرجار وادەردەکەوێت کە بەشی ئافرەت کەمترە، کاتێک خوای گەورە دەفەرموێت **(للذکر مثل حظ الانثیین...)** بۆ قیاسکردنی بەشی پیاوە لەسەر بەشی ئافرەت، کە بەشەکەی (ژن) دیاریکراوە، ئەو واتایەی لە ئایەتەکە وەردەگیرێت کە (نێرێک بەقەد بەشی دوو مێینە دەبات)، واتای دووەمو سێیەمی ئایەتەکەیە، لەبەرئەوەی بەشی دوو مێینە لەقورئاندا دیاریکراوە کە (٣/٢) یە، واتە نێرێکیش تەنها (٣/٢) دەبات وبۆی نیە زیاتر ببات، ئەگەر نێرەکانیش زیاتربوون ئەوا هەر (٣/٢) دەبەنو لەوە زیاتر نابەن، خوای گەورە (٣/١)ی هێڵاوەتەوە بۆ کۆمەڵگاو خاوەن میرات، (مورث) بۆئەوەی ئەگەر کەسێک بەهۆی ئەو دابەشکردنەوە کەسێک بە نادادپەروەی مامەڵەی کرد بەوە بۆی قەرەبوو بکرێتەوەو هاوسەنگی بکرێت، بۆنمونە باوکێک کچێکی هەیە بۆی باشە ئەوا دەتوانێت لە (٣/١) کەبۆی زیادبکات، ئەوسا دەشێت نەک هاوشێوەی کوڕ بەرێت، بەڵکو بەشی کچ لەبەشی کوڕیش زیاتربێت.

بنەمای میرات (٣/١)یە، کە لای هەندێ لەزانایان پێی دەڵێن (الوصیه الواجبه)، هەموو دابەشکردنێکی میرات (أصل المسأله) پەیوەندی بە (٣/١) وەهەیە، هەر بەوەش دەستکاری دابەشکردنەکە دەکرێت و وەسیەت بۆ میراتگریش دەبێت! بۆیە دەڵێم هیچ سیستەمێکی کۆمەڵایەتی ناتوانێت ئاسنین بێت، "من خۆم وەسیەتم کردووە کە لە (٣/١)ە بەشی کچەکەشم وەک بەشی کوڕەکانی لێبکرێت"، واتە بەشە دیاریکراوەکەی خۆیو هەندێکیشی بە (وەسیەت)، بەکورتی کە دەوترێت نێرێک بەقەد بەشی دوو مێ دەبات حوکمێکی گشتیە بۆ هەموو مێژووە، ئەگینا هەر بەپشت بەستن بەخودی ئایەتەکانی میراتو فەلسەفەی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، واهاتە پێش لەکۆمەڵگەیەکدا ئافرەت زیاتر پێویستی بەپارە بوو، ئەوا بە (٣/١) دەتوانرێت میراتی ئافرەت زیادبکرێت، بەمەش دادپەروەری شەرعمان بۆ دەردەکەوێت. میراتو وەسییەت تەواوکەری یەکترنو (٣/١) بۆ هێنانەدی دادپەروەری هێشتووەتەوە، لەم ڕوانگەیەشەوە مرونەتی شەرعمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەم یاسایانەی پێشکەشکرد:

– هیچ سیستەمێکی کۆمەڵایەتی ناتوانێت ئاسنینو کۆنکرێتی بێت.

–ئەحکامەکانی میرات هەمووی بەقازانجی ئافرەتن.

–شەریعەتی ئیسلام بۆ یەکەمجار تەنزیمی میراتی کرد، ئەمەش لەبواری یاسادا پێشکەوتنێکی گەورەبوو.

– (٣/١) بۆ هێنانەدی دادپەروەری هێشتووەتەوە.

–شەریعەتی ئیسلامی هەموو بەشەکانی میراتی دیاریکردووە.

*** دەربارەی ئەوەی ئەگەر (٣/١) بکرێتە یاسایەک لەمیراتی هەموو کەسدا بهێڵدرێتەوە بۆ ڕێککردنەوەی بەشی کوڕو کچ نابێتە پێچەوانەی ئایەتی (للذکر مثل حظ الانثیین...)؟**

–وەسیەتو میرات پێکەوەن، (٣/١) خۆی هەرئایەتێکە لەقورئان نەک هەرلادان نیە لەئایەتێک، بۆئەوەش داندراوە کەستەمکرا بەوەڕاست بکرێتەوە. ئافرەت لەکاتی گرێبەستی هاوسەریدا دەتوانێت بڵێت با (شراکة الأبدان)مان هەبێ کەگرێبەستێکە هەرچییان پەیدا کرد بەیەکسانی لەنێوانیاندا دابەش دەکرێت.

دەربارەی ئەو ژنانەی هاوشانی براو هاوسەرەکانیان کاردەکەن، بەڵام لەکاتی میرات دابەشکردندا هەروەک کەسێکی تر میراتیان پێ دەدرێت، لەڕاستیدا ئەمە ستەمە، چونکە ئایەتەکان ئاماژە بەوەدەکەن (وللنساء نصیب مما اکتسبن) ژنان مافی خۆیانە کە ئەوەی کەسبی خۆیانە بۆخۆیان بێت، هەروەک بۆ پیاویش وایە (للرجل نصیب مما اکتسبوا) کەواتە ئەوە مافی خۆیەتی و جیاوازە لەمیرات ! وەهەر لەسەری واجب نیە بەو کارە هەڵسێت، بەڵام ئەگەر لەبەر(موده) و (رحمه)پێی هەڵسا دەبێ چی مەسرەفی کردووە بیدرێتەوە، دواتر میراتەکەی بدرێتێ، هەروەها ئافرەت لەکاتی گرێبەستی هاوسەریدا دەتوانێت بڵێت با (شراکة الأبدان) مان هەبێ کە گرێبەستێکە هەرچییان پەیداکرد بەیەکسانی لەنێوانیاندا دابەش دەکرێت، یان بەهەرڕێژەیەک لەسەری ڕێبکەون، ئەمە بێجگە لەمیرات، هەروەک کاک ئەحمەدی موفتی زادەش ئاماژەی پێکردووە. ڕۆشنبیری ئاینی لەوڵاتی ئێمەدازۆر لاوازە، مێژوو وکۆمەڵگاش وایان کردووە کەکەم گرنگی بەئافرەت بدرێت. دەربارەی ئەوەی زانایانیش ستەمیان لەژنان کردووە نمونەی بەوەهێنایەوە کە:

ڕێککەوتووە زۆرجار بەشی پیاو کەم بووە، بەڵام زانایان ڕاستیان کردووەتەوە، بۆنمونە بەشی باوک کەمتربووە لەبەشی دایک، (فقهاء) ڕاستیان کردۆتەوە، هەروەها ئێمەعەقڵیەتی فیقهیمان لاوازبووە، ناتوانین ئیجتیهاد بکەین، قەریحەی فیقهیمان مردووەو دەبێ زیندووبکرێتەوە، لە(اصول الفقه)ی ئیسلامیدا دوو بابەت هەن زۆرگرنگن:

– (علم الدلاله) مانای دەقەکان کۆدەنگی زانایانی لەسەرە، واتە زۆر گرنگی پێدەدرێت.

–بریتیە لەتێگەیشتنی ئێمە (فهم) بۆدەق وئایەتەکان، بۆهەموو دەقێک دووشت پێویستە ماناو تێگەیشتن، بەڵام لای زانایانی شەریعەت تەنها گرنگی بەمانا دراوە، بەڵام تێگەیشتنی ئێمە لەو مانایانە چییە، خۆی بۆخۆی نزیکەی (٤٠٠) زانستە کەئامادە نیە، ئەمەش وای کردووە دووبارە مێژوو وکۆمەڵگاو پیاوسالاری ڕۆڵی هەبێ وکەم گرنگی بەئافرەت بدرێت، لەگەڵ ئەوانەشدا قورئان توانیویەتی ڕووبەڕووی هەموو ئەوانە بۆستێتەوە.

هۆکاری ئەم کەمتەرخەمیەش هەمووی دەرەنجامی ئەوەیە کەڕۆشنبیری ئاینی لەوڵاتی ئێمەدا زۆر لاوازە، یەکێک لەگەورەترین هەڵەکانی ئەم سیستەمە سیاسیەی وڵاتی ئێمە ئەوەیە کەناهێڵێت خەڵک (تەعلیم)ی دین بکەن، هەموو شتێک دەبێت بزانرێت، پاشان ئەگەر بەدڵیان نەبوو ڕەفزی بکەن.

مامۆستا تەحسین حەمەغەریب، ئەوەی ڕوونکردەوە کەشەریعەتی ئیسلام زۆر پێداگیری کردووە لەچەسپاندنی مافی ئافرەتدا، بەڵام ئەوەی کەستەمی کردووە کۆمەڵگاو مێژوو وپیاوان بووە، لێرەدا دەڵێین ماف نادرێت، بەڵکو دەسەندرێت، دەبێت بەپلەی یەک ژن خۆی تێبکۆشێت بۆبەهێزکردنی پێگەی خۆی لەکۆمەڵگەدا وبەدیهێنانی ماف وداواکاریەکانی .

# گرێبەستی هاوسەرگیریو پێکهێنانی خێزان

**ئاینده: راپۆرتی ئەدیبە ئەحمەد .....................**

ماوەی ساڵێکە بەبڕیارێکی پەرلەمان گۆڕانکاری لەمادەی (٧) ی یاسای باری کەسێتیدا کرا، تێیدا هاتووە: "هەر کوڕو کچێک پێش ئەوەی لای مامۆستای ئاینی سەرەتای گرێبەستەکەی ئەنجامبدات، دەبێت بچێتە دادگاو لەوێ ئەنجامیبدات". بۆ زیاتر ئاگاداربوونو لایەنە باشو خراپەکانیو چۆنیەتی جێبەجێکردنی، بە پێویستمانزانی ڕیپۆرتاژێک لەمبارەیەوە ئەنجامبدەین.

سەرەتا دادوەر ئەکرەم عەباس دادوەر لەدادگای بەرایی دەربەندیخان وتی "لە یاساکەدا هاتووە ئەو ژنو مێردەی کە هاوسەرگیری لە دەرەوەی دادگا ئەنجامدەدەن هەردووکیان لەگەڵ ئەو مامۆستا ئاینیەی کە گرێبەستەکەیان بۆ ئەنجامدەدات تووشی سزای یاسایی دەبنو غەرامە دەکرێن. ئەم بڕیارە تا ڕادەیەک باشە، جاران مەلایەک کچێکی بێ ڕەزامەندی خۆی مارە دەبڕی، یان کچێکی زۆر منداڵی مارە دەبڕی لە کەسێکی زۆر بەتەمەن کە بەویستی کچەکە نەبووە، بەڵام ئێستا تا هەردوولا ڕەزامەند نەبن و تەمەنیان گونجاو نەبێت گرێبەستەکەیان بۆ ئەنجامنادرێت، هەروەها ئەو پشکنینانەی بۆیاندەکرێت شتێکی باشە، هەرچەند تا ئێستا ئەنجامی پشکنینێکمان بۆ نەهاتووەتەوە کە زۆر نەگونجاو بن بۆ یەکتر " ئێمە ناتوانین دابونەریتی ناوکۆمەڵگا خێرا بگۆڕین، بەڵام دەبێت خەڵکی بەشێوەیەکی ڕۆشنبیرانەو هۆشیارانە بۆ یاسا بڕوانن، ئەو گرێبەستەی لەدەرەوە بۆیاندەکرێت ئێمە ناتوانین بڵێین بەتاڵە، بەڵام بە هاوسەرگیری دەرەکی دایدەنێین، ئێستاش ئەو هاوسەرگیریە زۆر کەمبووەتەوە، لەسەرەتای ئەم ساڵەوە تا ئەمڕۆ (٣٥٦) گرێبەستی دادگاو (٩) گرێبەستی دەرەکیمان هەبووە".

پاشان دادوەر حسەین محێدین، دادوەر لەدادگای باری کەسێتی لەکەلار وتی "یەکێک لەو گۆڕانکاریانەی لە یاساکەدا کراوە، پرسی هاوسەرگیرییەو دەستکاریکراوە، تەمەنی ئەو کەسانەی کە هاوسەرگیریی دەکەن بڕگەیەکی تری بۆ زیادکراوە، ئەویش بەناردنی کوڕانو کچان بۆ لیژنەی پزیشکی بۆئەوەی پشکنینی نەخۆشییە بۆماوەییەکانیان بۆ بکرێت، ئەو نەخۆشیانەی پێویستە پشکنینیان بۆ بکرێت نەخۆشی تەلاسیما و دیاردەی بوونی نەخۆشی ئایدزە، دادگا دوای جێبەجێکردنی ئەو گۆڕانکاریە هەستاوە بە دروستکردنی فۆرمی تازە بۆئەوەی لەو ڕێگەیەوە کوڕانو کچان بنێرێت بۆ نەخۆشخانەکان تا پشکنینیان بۆ بکرێت، دوای گەڕانەوەی ئەنجامەکەی گرێبەستی هاوسەرگیریان بۆ ئەنجامدەدرێت".

هەروەها دادوەر حسەین وتی "تاکو ئێستا نە بۆ خۆمانو ئەوەی من ئاگاداربم بۆ هیچ دادگایەکی تر ئەنجامی پشکنینێک نەگەڕاوەتەوە کە دیاریکرابێت ئەو دوو کەسە بۆ یەکتر نابن، ئایا لەهەموو ئەو پشکنینانە لەسەدایەکی ئەنجامەکەی باش نەبێت یان هەموو ئەو کارانەش بە ڕۆتینات ئەڕوات، یان هەموو پشکنینەکان باشبن، ئەمە سەرقاڵیەکی زیادەیە بۆ هاوڵاتیان دروستکردووە کە ڕێژەی پشکنینەکان (سفر٪) بێت ؟!

مامۆستا مەلا سدیق وتارخوێنو پێشنوێژی مزگەوتی (بانی خێڵان) دەربارەی لایەنی ئیجابی ئەو بڕیارە وتی "لەکاتی بینینی ناحەقیەک لەگرێبەستەکەدا دادوەر دەتوانێت ئیجرائات بکاتو کەسەکان ناتوانن لەبەرامبەر دادگا جموجوڵو زۆرداری بکەن ئەگەر دادوەر بینی کارەکە زۆرلێکردن بوو دەتوانێت بەنوسراوێک یان تەوقیف کردنێک کارەکە ڕابگرێت، بەڵام ئێمە لیژنەی فتوامان هەیە، کاتێک قسە دەکرێت لەکێشەیەک ئەوکەسە ئەگەر قسەکان یاخود کارەکە لەمەسڵەحەتی خۆی بو پێی باشە، بەڵام بەپێچەوانەوە زانی لەمەسڵەحەتی خۆی نیە گوێناگرێتو مەجلیسەکە جێدەهێڵێت.

هەروەها دەربارەی لایەنە سلبیەکەی ئەم بڕیارەوە وتی "لەڕووی شەرعیو کۆمەڵایەتی پێدەچێت زیانی بۆ کۆمەڵگاکەمان هەبێت، ئێمە کۆمەڵگایەکی موسڵمانین، ئێستا زۆر بەکەمی تەرەفی سێیەم لەکاتی چوونەدەرەوەی کوڕو کچ بۆ جێبەجێکردنی گرێبەستەکە بەتایبەتی پشکنینی خوێن، کە ئێستا تەنها لەشاری سلێمانی دەکرێتو لەم دەڤەری ئێمە دەبێت چەند کیلۆمەتر ببڕێت، دوور نیە لەئەنجامی زۆر بەیەکەوەبوون کارێک ڕوونەدات، پاشان نەبێتەهۆی لەیەک جیابوونەوەی یەکتریو ناشیرنکردن، بەڵام ئەگەر لای مەلا مارەببڕێتو یەکسەر بچن بەدەم یاساوە باشە، لەوکاتەدا بەتەنها بن زۆرئاسایی ئەبێت، چونکە بەپێی شەرع حەڵاڵی یەکترنو هەرکارێک سوودی کۆمەڵگای تێدابێت ئێمەش لەگەڵیداین، بەمەجێک شەرعێتی ئیسلام سەروەربێت.

شنۆو عەزیز کە تازە هاتبوون بۆ گرێبەستی هاوسەرگیری، لەمبارەیەوە وتیان "لەم گۆڕانکاریەدا کەمتر ئەو دوو کەسە تووشی گرفتی یاساییو کۆمەڵایەتی دەبنەوە، چونکە هەندێکجار مامۆستای یاخود کەسوکار بەزۆرو بەبێ ڕەزامەندی کچەکە، کچیان مارە دەبڕی، بەڵام ئێستا کچەکە دەتوانێت بەڕاشکاوی بڵێت ڕازی نابم، لەڕووی تەندروستیشەوە ئەو پشکنینە زۆر باشە کەئەنجامی دەدەن، بەڵام نەبوونی لیژنەی پزیشکی لەقەزاو ناحیەکان گرفتێکە بۆئەوانەی کەزەواج دەکەن، چونکە دەبێت بچن بۆ سلێمانی ئەمەش زەحمەتە، چ لەلایەن دایکو باوک چ لە لایەن ئەو دوو کەسە خۆیان".

مامۆستا مەلا (خەلیل ئیبراهم) پێشنوێژی مزگەوتی ئیبن سەلاح وتی "ئەم بڕیارە لایەنی باشی هەیە، خەڵکی زیاتر پەیوەست دەبێت بە یاساوە، چونکە لایەنێکی فەرمیەو ئەو گرێبەستە لە هەموو شوێنێک کاری پێدەکرێت، لە ڕووی تەندروستیەوە ئەو شیکاریانەی کە بۆیان دەکرێت زۆر باشە، چونکە لەکاتی بوونی هەرنەخۆشیەکی کاریگەر لە وەچەو باوان لەسەرەتاوە چارەسەر دەکرێت. لایەنە خراپەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە ڕووی شەرعەوە دروست نییە بەبێ لایەنی سێیەم ئەو کوڕ و کچە بەتەنها بچنە دەرەوە، تا گرێبەستێک لە نێوانیاندا نەبێت". وتیشی "ئەگەر دادوەر لایەنە شەرعیەکانی گرێبەستی هاوسەرگیری بە تەواوی ئەنجامبداتو کەموکوڕی تێدا نەبێت پێویست ناکات لە لای مامۆستای ئایینی مارە ببڕێتەوە، بە مەرجێک ئەو کچ و کوڕە تا لەیەک مارە دەکرێن بە تەنها نەچنە دەرەوە"، وەک ئامۆژگاریەک بۆ کوڕانو کچان کە بە نیازن گرێبەستی هاوسەرگیری ئەنجامبدەن، وتی: "دەبێت هۆشیاربن چونکە ئەوان بەرەو ژیانێکی نوێ دەچن، دەبێت بزانن چۆن هەڵسوکەوت دەکەن لەگەڵ خۆیانو دەوروبەریاندا، ئامۆژگاری بۆ باوکان ئەوەبوو کە چۆن بۆ ئیشوکاری هاوسەرگیری کوڕەکانیان بەپەرۆشن و چەندینجار دەڕۆن بۆ جێبەجێکردنی، ئاواش خەمی کچەکیانیان بخۆنو هاوکارییان بکەن بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیری."

پەروینو جەمال هاتبوون بۆ دادگا بۆ ئەنجامدانی گرێبەستی هاوسەرگیرییو لایەنە باشەکەی ئەم یاسایەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە "ئەگەر کچێک لای مامۆستای ئایینی مارە نەکرابێت، لەوانەیە ئاسایی بێت لای دادوەر بڵێت ئەو هاوسەرگیریەم بەدڵ نیە، هیچ کێشەیەکی بۆ دروست نابێت، ئەگەر ئاڵتون یان مارەیی بە تەواوی پێنەدرابێت ئەتوانێت بڵێت هیچم بۆ نەکراوە".

مامۆستا مەلا ئیدریس سالح محەمەد وتارخوێنو پێشنوێژی مزگەوتی شەهید ئیبراهیم لە ڕزگاری، وتی "بەلای منەوە ئەم گۆڕانکاریە تازە هەندێک واقع وایکردووە ناتوانم بڵێم باش نیە، بەداخەوە هەندێک مەلا لە مەبەستەکانی شەرعی ئیسلام تێنەگەیشتوون و زۆرجار ژن مارەئەکەنو مراعاتی تەمەن ناکەن، ئەمە لە کاتێکدا کێشەیەکی واقیعیەو چەندین کێشەی لێدەکەوێتەوە، بەڵام پێموایە دادگا ئەو کارانە ناکات."

هەموو مامۆستایان لە کاتی ئەم ڕیپۆرتاژەدا دووپێشنیاریان هەبوو "ئەو کچە بەڕێزانە کاتێک ڕووبەڕووی مامۆستای ئایینی دادەنیشن بە مەبەستی ئەنجامدانی گرێبەستی هاوسەرگیری، با جلوبەرگێکی شیاویان لەبەردابێت وەک ڕێزێک بۆ مامۆستای ئایینی. هەروەها بۆ ئەو دادوەرە بەڕێزانە کاتێک کێشەیەک دێتە لایان کە گرێبەستەکە لای مامۆستای ئایینی لە دەرەوەی دادگا ئەنجامدراوە ڕێزێک بۆ مەلا دابنێنو نەڵێت لای مەلای لاکۆڵان مارەکراوە، چونکە یەکەمجار لە دایک دەبن مەلا بەخێرهاتنیان ئەکاتو بانگ بە گوێیاندا ئەداتو لای مەلا گرێبەستی پێکهاێنانی خێزانیان بۆ ئەکرێتو لە کاتی مردندا هەر مەلا تەڵقینو خوا حافیزیان لێدەکات."

**مامۆستایەکی ئاینی "ئەگەر دادوەر لایەنە شەرعیەکانی گرێبەستی هاوسەرگیریی بە تەواوی ئەنجامبدات، پێویست ناکات لای مامۆستای ئایینی مارە ببڕێتەوە"**